یەکگرتن بەردی بناغەی سەرکەوتنە .... سەرکان کوردی

کوردستانێکی سەربەخۆ و درووستبوونی دەوڵەتی کوردی گەر خەون بێ گەلی کورد ئامادەیە هەتاهەتایە لەو خەوە هەڵنەستێت. بەڵام ئەم کێشەیە یەجگار وا ئاسانیش نیە کە ئەمڕۆ بمانەوێت لە چاوتروکاندنێکدا هەموو لایەنە باش و خراپەکانی ڕوون بکەینەوە. سەرەتا دەبێت تۆزێك بە هۆشمەندی بگەڕێین بە دووی بابەتەکاندا پاشان بێینە سەر ئەو هۆکارەکانەی کە ئەمڕۆ زۆربەی زۆری ڕۆشنبرانی کورد باسی لێوەدەکەن و دژایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێدەکەن.

من حەز دەکەم پێش ئەوەی شتێك بڵێم یادی بەخێر خوالێخۆشبوو کاکە ئازاد موستەفا سکرتێری پاسۆك ڕاستی کرد کە "یەکگرتن بەردی بناغەی سەرکەوتنە" بەڵام دەبێت بزانین لەگەڵ کێ و بۆ چ هۆیەك یەکبگرین. یەکگرتن هەردەم بۆ کورد پێویستە بەڵام ئایا یەکگرتنی کوردستان گەورە کاتی هاتووە؟ ئا یان نە با لەم وەڵامە بگەڕێین، چونکە وەڵامەکەی هەموومان دەزانین و خۆمانی لێ گێل دەکەین. من ڕۆژانە چەندین ووتار و بابەتی جودا دەبینم لە سەر تۆڕی کراوە جیهانی کە زۆربەیان باس لە درووستبوونی دەوڵەتی کوردی و کوردستانی سەربەخۆ و ئازاد و یەکاسانی هەموو ئا ئەم شتانەی کە نزیکی **30**ساڵ لەمەوبەر پاسۆك بۆی بوو بە یەکەم وێستگەی کوردایەتی لە پاش گەورەترین و ناخۆشترین نەکسە بەسەر گەلی کورد و شۆڕشی ئەیلولی پیرۆزدا هات.

پاسۆك لەکاتی ڕاپەڕیندا دوو ئامانجی سەرەکی گەلی کوردی لە کۆڵ خۆی نا، و ئاڵای کوردستانیشی وەك و نیشانە بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ و گەلێکی ئازاد و یەکگرتنیشی بەرپاکرد بۆ درووستکردنی هێزی سێیەم لەناو کوردستاندا. جێگەی سەرسوڕمانە کە پاسۆك و حسك دەنگێکی زۆرکەمیان هێنا کە پیاو عەیبە هەر باسیشیکا (*) . بەڵام پارتی و یەکێتی کە بە پەیامی (ئۆتۆنۆمیەوە) هاتنە ناو پەرلەمانی کوردستان توانیان کە دەنگی هەموو کوردستان بە دەست بهێنن.

باشە خۆ پاسۆك پەیامی سەربەخۆیی هەڵگرتبوو بۆ دەنگی نەهێنا؟ بۆ پارتی و یەکێتی توانیان هەموو جەماوەری کوردستان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن؟ بۆ ئەوان چاویان شینەو قژیان زەردە؟ بێگومان نەخێر، ئەوە هەموو باس لە دەستەڵات و خۆشەویستی گەل دەکات بۆ ئەو پارتانە و ئەو ڕامیارزانانەی کە لەو پارتانەدا بوونەتە هەڵگری ئەو بیر و بۆچونانەی کە ئێوەی ڕۆشنبیر پێی دەڵێن خیانەت و جاشایەتی و چەندین ووشەی تری بێ تام.

ئێستە دیسان با لەم بابەتانەی سەرەوە بگەڕێین و حەزدەکەم بۆچوونی خۆم بەرامبەر بە هەمووتان ئێوەێ ڕۆشنبیر و نووسەرانی کورد تا بتوانین ئێمەش و ئێوەش بە هەڵەدا نەچین. با چیدی نەبینە هیچ هۆکار و بەربەستێکی گەورە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان. چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ تاکە دەزگای دانپێدانراوی کورد ئەوەو بڕواشناکەم هیچ هێزێکی دەرەکی ناوەکی هەبێت نقۆڵی لەوە بکات. ئێمە پێویستمان بە پشتگیری کردنی پەرلەمانی کوردستانە بە هەموو کورد چونکە خۆمان هەڵمانبژاردووە و هەموومان پەنجەی پاڕانەوەمان خستەناو مۆراوەکەوە (**) . بێگومان ئەمانە هەمووی دڵسۆزیەو ئەرکی سەرشانی هەموومانە وە پێموایە کە هەمووشمان ئامادەین بۆ دەنگدان دووبارە. بەڵام گەر ئێستە هەڵبژاردن بکەن لە کوردستانی ئازیزدا گرنگە کە ئەمجارەیان دەنگبدەین بەو پارتەی کە ئەو ئامانجەی هەیە کە ئێمە هەوڵی بۆ دەدەین.

من ئێستا چەندین پارتی ڕامیاری کوردی دەبینم هەموویان جاڕی سەربەخۆیی و یەکسانی و یەکگرتنی نەك چوار بەڵکو پێنج پارچەی کوردستان دەدەن ئەم پارتانە هەموویان پێکهاتەی ئەندامی ئەو پارتانەن کە هەڵوەشاونەتەوە ئێستا بە سێ/چوار ئەندامی چالاك پارتێك دەبەن بە ڕێوە ئەمە هەمووی بێ لەوەی کە ئەم پارتانە لە ڕامیاری دەرەکی و ناوە کیدا وەك و یەك وان تەنانەت دەستووری پارتەکەش تەنها بە هەندێك شتی کەم جیا دەکرێنەوە هەندێجار ئەم پارتانە ناوەکانیشیان بە (ستان) ێک یان بە پیش و دوا خستنی ناوەکانیان جیادەکرێنەوە، هەمووشیان ئاڵای کوردستانیان هەڵکردووە و جاڕی سەربەخۆییش ئەوە بێ سی و دوو تێیاندایە. بەڵام ئەم پارتانە ئەتوانین بڵێین ئەم نیمچە پارتانە چۆنکە پاسۆك و حسك نیمچەش نەبوون کورسیان بەرنەکەوت ئنجا ئەمانە نەخەباتیان و نە بیروباوەڕیان وەك پاسۆکە چۆن دەتوانن کورسی پەرلەمان بەدەستبهێنن تا بتوانن داکۆکی لەسەر ویستی ئەو جەماوەرەیان بکەن.

بۆیە ئێستا پێویستە کە بڵێین یەکگرتن بەردی بناغەی سەرکەوتنە جا بۆ ئەوەی دە پارتی ڕامیاری نێو خەبات بە دە لیست دانەبەزن وە با وەك و پاسۆك و حسکیان لێ نەیە تکایە هەر لە ئێستاوە یەکگرن چوونەکە جەماوەر سەرچاوە بوون و دەستەڵاتە با تۆزێك دڵیان پێتان بسوتێت لە کاتی هەڵبژاردندا بزانن ئێوە بەس بۆ دەنگهێنان یەکتان نەگرتووە بەڵکوو بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی. وە داوام وایە کە هەموو نووسەرانمانی ئازیزی کورد هەوڵبدەن تا ئەو هەموو پارتە بچکۆلانانەی کە بۆ سەربەخۆیی هەوڵەدەن یەکیان پێبگرن. چی دەبێت گەر یەکیك سەرۆك و یەك جێگر بۆ هەر دەبێ دوو سەرۆك هەبێت. ئەم یەکگرتنەی پارتی ڕامیاریەکانی نێو کوردستان پیرۆزی وە ك یەکگرتنی چوارپارچە وایە بۆ ئەمرۆ و سبەی کورد. ئەوسا جەماوەریش بێگومان دەنگ بۆ ئەو پارتە دەدات کە ڕازی دڵی لەکۆڵناوە.

هەربژین بۆ کورد

(*) زۆر لە پێشمەرگەو کادیرانی پاسۆك بۆ گاڵتە و گەپ دەیانگووت (باشە نابێت خۆمان کورسی بەرینە پەرلەمان بۆ خۆمان.

(**) ئەو مۆرەی کە لە پەنجەی پاڕانەوە (کڕاس یان شایەتمان) دەدرا بۆ تۆمارکردنت تا لە یەکجار زیاتر دەنگ نەدەی.

**sarkan@kurdee. net**